مێژووی بیرۆکەی گەشەسەندن

تەنانەت لە سەردەمی کۆنیشدا بۆچوونی جیهانێکی دینامیکی بوونی هەبووە. بۆ نموونە فەیلەسوفی پێش سۆقرات ئەناکسیماندەر "Anaximander" (٦١٠-٥٤٧ پێش زایین) ئاژەڵە وشکانییەکانی و هەروەها مرۆڤیشی بە ئاژەڵە ئاوییەکانەوە پەیوەند داوە. بەڵام فەلسەفەی ئەفلاتون (٤٢٧-٣٤٧ پێش زایین)یش هەبوو سەبارەت بە سروشتی ئەبەدی و نەگۆڕی هەموو شتەکان، کە کاریگەرییەکی زۆر بەهێزی لەسەر ئایینی مەسیحی و هەروەها بیرکردنەوەی ڕۆژئاوایی داناوە. کارل ڤۆن لینێ "Carl von Linné" (١٧٠٧-١٧٧٨) کە بناغەکانی سیستەمی ئەمڕۆی ڕووەک و ئاژەڵەکانی لە بەرهەمەکەیدا بەناوی سیستەمی سروشتی(Systema naturae) دانا، باوەڕی بە نەگۆڕ و ئەبەدیبوونی بوونەوەران بووە. بەڵام تەنانەت هاوچەرخێکی ڤۆن لینێ، لینیس، جۆرج-لویس لێکلێرک دی بوفۆن "Linnés, Georges-Louis Leclerc de Buffon" (١٧٠٧-١٧٨٨) گومانی لە نەگۆڕانی چەشنەکان هەبووە و گریمانەیەکی دەربڕیوە کە چەشنە هاوشێوەکانی مۆرفۆلۆژی "morphologically" دەکرا لە ڕێگەی "گۆڕانکاری" و "تێکەڵبوون"ەوە پەرەبستێنن و لەوانەیە هەموو چەشنەکانی ئاژەڵ کە لە داهاتوودا بە پێی ملیۆنان ساڵ گەشەسەندن پێکهاتوون، تەنیا لە یەک چەشن بوونەوەرەوە سەرچاوەیان گرتبێ. لە سەردەمی مۆدێرن دا، زانای سروشتی ژان باپتیست شیڤالییێر دی لامارک "Jean-Baptiste Chevalier de Lamarck" (١٧٤٤-١٨٢٩) بە توندی پاڵپشتی بیرۆکەی گەشەسەندنی کردووە، بەم کارەی بیرۆکەی هەزاران ساڵەی ئەبەدیبوونی چەشنەکانی پووچەڵ

کردەوە. چەمکی "گەشەسەندن"بە لاتینی "lat. evolvere" لە ساڵی ١٧٧٤ لەلایەن پزیشکی سویسی ئەلبرێشت ڤۆن هالەر "Albrecht von Haller" (١٧٠٨-١٧٧٧) دامەزرێنەری باخچەی ڕووەك لە گۆتینگن"Göttingen"، وەک بەشێک لە بیرۆکەی گەشەسەندنی مرۆڤ ناسراوە. بەڵام هالەر خۆی هێشتا لایەنگری تیۆری پریفۆڕماسیۆن" Preformation" بووە، کە ئەمڕۆ تەنیا لە ڕووی مێژووییەوە گرنگە، بەپێی ئەو تیۆرییە هەموو زیندەوەران پێشتر لە خانەی سپێرم یان هێلکەدا دروستکراون. بە بنیاتنانی پڕبایەخی لێکۆڵینەوەی وردی خۆی لە ماوەی چەندین ساڵدا و بە ئیلهام وەرگرتن لە خوێندنەوەی دەقی وتارێک لەسەر بنەمای بوونەوەران لەلایەن ئابووریناسێکی ئینگلیزی تۆماس ماڵتوس"Thomas Malthus" (١٧٦٦-١٨٣٤)ەوە، ئەوە چارڵز ڕۆبێرت داروین (١٨٠٩-١٨٨٢) بوو کە، بە داڕشتنی تیۆرێکی گشتگیر و دروستی گەشەسەندن ئەم پرۆژەیەی تا ئەمڕۆش لە نێوان زانایاندا پەرەپێداوە و زیندووی ڕاگرتووە. سەرەڕای ژمارێکی زۆر بەرگریی، تیۆرییەکەی داروین وەک تاکە تیۆری بژاردە بەسەر هەموو ئەوانیتردا زاڵ بووە و ئەمڕۆ نوێنەرایەتی گرنگترین و ناوەندیترین تیۆری زانستی بایۆلۆژی دەکات. بەرهەمی سەرەکی داروین کە سەردەمی دروستکەر بوو سەبارەت بە سەرچاوەی چەشنەکان لە ڕێگەی هەڵبژاردەی سروشتییەوە (داروین ١٨٥٩) " On the Origin of Species by Means of Natural Selection" لە ساڵی ١٨٥٩ بەدواوە، پێشکەوتنە گەورەکان لە زانستی ژیانی بوونەوەران بەشدارییەکی بەرچاویان لە فراوانبوونیدا کردووە. بەم شێوەیە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا تیۆری داروین لەگەڵ زانستی ئێستای ژێنتیکی و سیستماتیک و کۆنە زیندەوەرناسی گرێدراوە و بۆ تیۆری سەنتەتیک "Synthetischen" یان نیو داروینی پەرەیگرتووە (Mayr & Provine ١٩٨٠). لەو کاتەوە، دۆزینەوەکانی هەموو بوارەکانی بایۆلۆژی

مۆدێرن، بەتایبەتی مولیکولاری "Molekular" گەردیلەیی و گەشەکردنی ژێنتیکی و هەروەها ئیکۆلۆژی "Ökologie"، لە قایمکردنی بناغەی تیۆری گەشەسەندندا بەشدارییان کردووە. هەروەها بەشدارییەکانی ئەو کتێبە شایەدییەکی دڵخۆشانە بۆ ئەزموونی ئەم کارە دەخاتە ڕوو. لە پێناسەیەکی مۆدێرن لەلایەن بۆک "Bock" (٢٠٠٧)ەوە، دەتوانرێ گەشەسەندن بەم شێوەیە پێناسە بکرێت: "گۆڕانکاری بوونەوەران بە تێپەڕبوونی کات، ماوەی کاتەکە بۆ لانیکەم یەك نەوە یان وەچەیەك دانراوە. بەو پێیە گۆڕانی گەشەسەندن ئەو گۆڕانکارییەیە کە دەتوانرێت لە نێوان زیندەوەرانی نەوەیەک و نەوەکانی داهاتوودا بەدی بکرێت." گۆڕانی گەشەسەندن لەناو تاکێکدا لە چوارچێوەی گەشەکردنی تاکەکەسی خۆیدا (ئۆنتۆجینێسیس "Ontogenese") ڕوونادات، بەڵکو لە نێوان تاکەکانی نەوەی دوا لە دوای بوونەوەرەکان ڕوودەدات. پێناسەی سەرەوە بە ڕاشکاوی بە کراوەیی دەهێڵێتەوە کە ئایا زانیارییەکان لە ڕێگەی ژێنێتیکی (گەشەسەندنی ژێنێتیکی) یان لە ڕێگەی فێربوون و ڕاهێنان (پەرەسەندنی کولتووری)یەوە لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکیتر دەگوازرێنەوە. لە حاڵەتی دووەمدا تاکەکەسەکە هەندێک کارامەیی و هەڵسوکەوت لە دایک و باوکی یان بوونەوەرانی هاوچەشنی خۆیەوە فێر دەبێت. لەم حاڵەتەدا بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئوریگینال(ڕەسەن)ەکەی، سەرهەڵدانی جیاوازییەکان گۆڕانکارییەکی بچووك دەبێ.

کاتێک باس لە "تیۆری گەشەسەندن" دەکەین، بەو مانایە نییە کە تەنیا گریمانەیەک بێت و پێویستی بە سەلماندن هەبێ. بەڵکوو زانستی گەشەسەندن ڕاستییەکە بۆ سەلماندنی زانستی بایۆلۆژیای مۆدێرن کە بە ژمارێکی زۆر بەڵگەی ئەزموونی پشتگیریی دەکرێت (vgl. Mayr ١٩٩١, Futuyma ١٩٩٠). دوو "گریمانە" ناوەندییەکەی

ناو بەرهەمە سەرەکییەکەی چارلز داروین دەبێ لە بەرامبەر ئەم بەستێنەدا پۆلێن بکرێن: (١)هەموو زیندەوەران لە باوباپیرانی هاوبەش و لە ڕێگەی موتاسیۆنەوە سەرچاوە دەگرن؛ (٢) هۆکاری سەرەکی ئەو گۆڕنکارییە ئەرکی هەڵبژاردەی سروشتی چەشنە جیاوازەکانە.

گەلێك گرنگە لەبیرمان بێت ئەم تێزانە ڕووناکایی دەخەنە سەر دوو لایەنی زۆر جیاواز لە تیۆری گەشەسەندنی داروین. لە کاتێکدا تێزی یەکەم جەخت لەسەر لایەنی مێژوویی گەشەسەندن دەکاتەوە، دووەمیان سروشتێکی ناوناسیی هەیە، واتە لێدوانەکانی بە شێوەیەکی یاسایی بۆ هەموو زیندەوەرانی سەر زەوی دەگونجێت(Bock ٢٠٠٧). ئەم بۆچوونانە پێش تێزی مێژوویی ڕەچەڵەک لە باوباپیرانی هاوبەشەوەن، یاخود دەتوانین بڵێین: پێشمەرجی زانستی ئەون. لەم ڕووەوە چەواشەکاریی دەبێ ئەگەر تیۆری گەشەسەندنی داروین بە گشتی وەک تیۆرێکی تەنیا مێژوویی وەسف بکەین. تیۆری گەشەسەندن وەک تەنیا تیۆرێکی مێژوویی، بەزەحمەت لە ڕووی زانستییەوە تاقیدەکرێتەوە. لە کاتی ئانالیزە یاخود شیکردنەوەی کۆلکەی مێژوویی، بایۆلۆژی گەشەسەندن زیاتر لەو مێژوونووسیە دەچێت کە دەبێ ڕووداوێکی مێژوویی لە ڕووی تایبەتمەندییەکانیەوە بنیات بنرێتەوە (Sudhaus & Rehfeld ١٩٩٢). داروین یەکەم توێژەر بوو کە بەڵگەی بۆ یەکەم تێزی خۆی لەسەر بنەمایەکی بەربڵاو پێشکەش کرد، کە دۆزینەوەکانی بوارە زۆر جیاوازەکانی لەخۆگرتبوو، واتە زانستی شوێنەوارناسی، جوگرافیای ئاژەڵ و ڕووەک، ئاناتۆمی بەراوردکاری، "Embryology"[1] و پەروەردەکردنی ئاژەڵە ماڵییەکان. بۆ نموونە، لە گەشتە بەناوبانگەکەیدا بەدوەری

[1] لقێکی بایۆلۆژی گەشەکردنە کە هەڵسوکەوت لەگەڵ گەشەکردنی هێلکەی باردار و کۆرپەلەی دەرهاویشتوو دەکات. هەروەها بە بایۆلۆژی گەشەسەندنی پێش لەدایکبوون ناودەبرێت.

زەوی لە ئەمریکای باشوور، داروین ژمارەیەک ئێسکەپەیکەری شیردەرەکانی بەردبووی کۆکردەوە، کە دواتر توانی پەیوەندییان لەگەڵ نوێنەرە زیندووەکانی ئەم گروپانەدا لێکگرێبداتەوە. هەموو ئەوانە ببوونە هۆکار بۆ ئەوەی باوەڕەکەی بە نەگۆڕبوونی چەشنەکان بشێوێنێ. داروین تێزی دووەمی خۆی لەنێو شتەکانیتردا بە نموونەی پەروەردەکردنی ئاژەڵ و ڕووەک وێنا کرد، کە تێیدا مرۆڤ هەڵبژاردەی دەستکرد بەکاردەهێنن بۆ هەڵبژاردنی تایبەتمەندیی و پەروەردەکردنی ئاژەڵە تاکەکان بەهۆی گۆڕانکاریی ژێنێتیکیی کە تایبەتمەندی خوازراویان هەیە. ئەمڕۆ دەتوانین ڕاستەوخۆ کاریگەرییەکانی هەڵبژاردەی سروشتی چاوەدێری بکەین کاتێک بۆ نموونە سەیری گەشەسەندنی خێرای مێرووەکان یان پەرەسەندنی بەرگری دەرمان لە ڤایرۆسی "HIV" دەکەین (Campbell & Reece ٢٠٠٣).

درێژەی هەیە ...